دانا ئەحمەد مەجید بە رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گەلان هەڵبژێردرا



ئەمڕۆ دووشەممە، 16ـی شوباتی 2026، کۆنفرانسی بزووتنەوەی گەلان لە کەرکووک بەڕێوەچوو، کە دانا ئەحمەد مەجید بە رێکخەری گشتی بزووتنەوەکە هەڵبژێردرا.

دڵێر عەبدولخالق، گوتەبێژی بزووتنەوەی گەلان لە کۆنفرانسکی رۆژنامەوانیدا کە موتەبەدواداچوونی بە کردووە رایگەیاند، سەرکەوتنی ئەم کۆنفرانسی گەلان تەنیا هێنگاوی پارتکی سیاسیی چاکسازیخوازی نیشتمانی مەدەنی نییە، بەڵکو سەرکەوتنی کەرکووکە.

گوتیشی: دانا ئەحمەد مەجید بە رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گەلان هەڵبژێردرا، هەروەها جڤاتکی 55 ئەندامی هەمیشەیی و پێنج ئەندامی یەدەگ هەڵبژێردران، ئاماژەی بەوەشدا دەستووری رێکخراوەیی بزووتنەوەی گەلان بە قۆناغی داهاتووی کاری رێکخراوەیی هەڵبژێردرا و هەروەها کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنکانیش بەهەموو رێکارەکانی بە ئەمەیان دانابوو کارەکانیان جێبەجێ کرد.

دڵێر عەبدولخالق باسی لەوەشکرد، ئەم زیاتر لە ساڵکە کۆشی رێکخراوەیی و یاسایی و سیاسییمان

هەبوو، ئەم هەنگاوە بۆیە گرنگە ئەم رەگگریانەی تێپەڕاند، دەشێت، ئەمە سەرکەوتنی تەنیا رەگخەری نوێی گشتیی بزووتنەوەی گەلان و ئەم جۆرە نییە، بەڵکو سەرکەوتنی هەموو ئەم ئەندامانەیە کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان هاتوون و بەشداریان کردووە، هەروەها سەرکەوتنی هەموو ئەم دەنگدەرانەی گەلانە کە لە 2009ەوە دەنگیان داوە.

گوتەبێژی بزووتنەوەی گەلان گوتیشی: بەداخەوە ژمارەیەک لە هاوڕێکانمان هێشتا کەنفرانسیان بەجێهێشت، ئەمە سەرکەوتنی ئەم کەنفرانسە بە هیچ ئەوانیش ئەزانین، بزووتنەوەی گەلان هیچ هەموو خەڵکە، هەروەها سەرکەوتنی کەنفرانسی بزووتنەوەی گەلان لە کەرکووک، سەرکەوتنی ستراتیژی نیشتمانی کوردستانە، گەلانەوە بە کەرکووک وات کەرکووک بەشێکی دانەبڕاوە لە خاکی پیرۆزی کوردستان.

دەشێت، لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق هەڵدەدینەوە، هەروەها بە دیدگایەکی نوێوە کاردەکەین و شانمان دەدینە بەر ئەم بەرپرسیارێتیە.